PKK بۆ چارەسەری ئاشتیانە تەنیا سێ مانگ دیاری دەکات و AKP پش چارەسەری ناوێت

میدیا– قەندیل

مایەیەکە میدیای تورکیا باس لە جۆرە ڕێکخەرتێکی نێوان دەوڵەت و ئۆجەلان دەکات گۆیە PKK دەستەبەری چەک دەبێت و لە بەرامبەریشدا تورکیا ئۆجەلان بە مەرج لە ژێر چاودێریدا ئازاد دەکات سەبارەت بە باسە و پرسی چارەسەری ئاشتیانە لە باکووری کوردستان، هەر یەک لە ئەحمەد دەنیز و ڕۆژ وڵات وەک ئەندامانی کۆمیتەی سیاسی KCK بۆ میدیا دێنە ئاشافتن.

ئەحمەد دەنیز:

دیدارەکانی تورکیا لەگەڵ ئۆجەلان دانوستاندن نییە

"حکومەتی ئاکەپە خۆی لە چارەسەری نزیک ئاکاتەوە، ئاسەنگی هەرە مەزنە و دیدارەکانی لەگەڵ ئۆجەلان دانوستاندن نییە، لە ڕاستیدا هێشتا دیدارەکان دەریازی دانوستاندن نەبووە. کە دەریازی دانوستاندن بوو، ئەو کاتە لەسەر مامەدەکان گفتوگۆ دەکرێت . گۆتیشی "هێشتا بە یەکلاکراویی لەسەر هیچ ماددەیەک قسەمان نەکردووە، چونکە هێشتا حکومەت بڕیاری خۆی نەداوە . چەند دیدارەکان دەریازی دانوستاندن بێت، نازانرێ جاری بۆ دیدارانە چ ئەنجامێکی لێدەدەوێتەوە پێویستە تا ی مارس (ئادار) ئەنجامێک دەربکەوێت. یەکی مارس ڕێکەوتێکی باش و گونجاوە . ئەگەر تا ئەو کاتە دەرئەنجامێک دەربکەوێت، ئەوا ئاشتیەیەکی واتادار، ئاشتیەیەکی شەرەفمەندانە لەگەڵ خۆیدا دێنێت. ئەگەر ئەو دیدارانەش هیچ ئەنجامێکی لێنەکەوێتەوە، ئەوا دەکرێ پێوانەیەکی زۆر خراپ دەستپێبکات."

چەختی لەوەش کردەوە کە ئەگەر تا ١ی مارس هیچ ئەنجامێک لە دیدارانەدا دەربکەوێت، ئەوا سەرۆکایەتیان لەم ناوبژیوانتییەدا، خۆی دەکێشێتەوە، چونکە "لالەیان دەوڵەت و حکومەتەوە چارەسەرییەک پێشنەکەوتووە، ئیتر لەمە زیاتر ناوبژیوانێتی ناکات و پێیانەوە سەرقاڵ نابێ".

ئەحمەد دەنیز ڕایوایە "دەوڵەت لەگەڵ ئۆجەلاندا دیدار ئەنجام دەدات. بەڵام هێشتا بڕیاری خۆی نەداوە، نە بڕیاری دانوستاندن دەدات، نە بڕیاری ئاشتیش دەدات". گۆتیشی "ئەوانە بەناوی دەوڵەتەوە دیداری لەگەڵدا ئەنجام دەدەن، بەڵام سەرۆک وەزیر زێدە خاوەندارنێتی لەو دیدارانە ناکات؛ بۆیە بە ڕای من تورکیا ئەحمەد دەنیز بە بەرپرسی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەوەدەی کەمەکە دەڵێت "حکومەتی ئاکەپە خۆی لە چارەسەری نزیک ئاکاتەوە، ئاسەنگی هەرە مەزنە و دیدارەکانی لەگەڵ ئۆجەلان دانوستاندن نییە، لە ڕاستیدا هێشتا دیدارەکان دەریازی دانوستاندن نەبووە. کە دەریازی دانوستاندن بوو، ئەو کاتە لەسەر مامەدەکان گفتوگۆ دەکرێت . گۆتیشی "هێشتا بە یەکلاکراویی لەسەر هیچ ماددەیەک قسەمان نەکردووە، چونکە هێشتا حکومەت بڕیاری خۆی نەداوە . ئەگەر دیدارەکان دەریازی دانوستاندن بێت، ئەوا ئەو کاتە لەسەر مامەدەکان گفتوگۆ دەکرێت . گۆتیشی "هێشتا بە یەکلاکراویی لەسەر هیچ ماددەیەک قسەمان نەکردووە، چونکە هێشتا حکومەت بڕیاری خۆی نەداوە . ئەگەر دیدارەکان دەریازی دانوستاندن بێت، نازانرێ جاری بۆ دیدارانە چ ئەنجامێکی لێدەدەوێتەوە پێویستە تا ی مارس (ئادار) ئەنجامێک دەربکەوێت. یەکی مارس ڕێکەوتێکی باش و گونجاوە . ئەگەر تا ئەو کاتە دەرئەنجامێک دەربکەوێت، ئەوا ئاشتیەیەکی واتادار، ئاشتیەیەکی شەرەفمەندانە لەگەڵ خۆیدا دێنێت. ئەگەر ئەو دیدارانەش هیچ ئەنجامێکی لێنەکەوێتەوە، ئەوا دەکرێ پێوانەیەکی زۆر خراپ دەستپێبکات."

چەختی لەوەش کردەوە کە ئەگەر تا ١ی مارس هیچ ئەنجامێک لە دیدارانەدا دەربکەوێت، ئەوا سەرۆکایەتیان لەم ناوبژیوانتییەدا، خۆی دەکێشێتەوە، چونکە "لالەیان دەوڵەت و حکومەتەوە چارەسەرییەک پێشنەکەوتووە، ئیتر لەمە زیاتر ناوبژیوانێتی ناکات و پێیانەوە سەرقاڵ نابێ".

ئەحمەد دەنیز ڕایوایە "دەوڵەت لەگەڵ ئۆجەلاندا دیدار ئەنجام دەدات. بەڵام هێشتا بڕیاری خۆی نەداوە، نە بڕیاری دانوستاندن دەدات، نە بڕیاری ئاشتیش دەدات". گۆتیشی "ئەوانە بەناوی دەوڵەتەوە دیداری لەگەڵدا ئەنجام دەدەن، بەڵام سەرۆک وەزیر زێدە خاوەندارنێتی لەو دیدارانە ناکات؛ بۆیە بە ڕای من تورکیا

گەنجانی خاوەن بڕوانامە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داهاتوویان نادیارە

ئا: میدیا

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گەنجانی خاوەن بڕوانامە هەست بە بێ ئەنجامی هەوڵ و تەقەلای خۆیان لە بواری خوێندن دەکەن، هەر لەو بارەیەوە هەر یەک لە د.جەعفەر ئیسماعیل سورخی ماموستای زانکۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حوسێن ڕەزایی خوێندکاری ماستەر لە بەشی کۆمەڵناسی، هێمن شوکری خوێندکاری بەکالۆریۆس لە بەشی ئەدەبیات بۆ میدیا دەدوێن.

پاش ڕووخانی ڕژێمی باشایەتی و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لە ئێران، گەنجان وەک بەشێک لە خوێبوونەدەرانی دژی سیستەم لە ئێران بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، هاتنە سەرشەقام و پاشان دوابەدوای دەستپێکار بوونی حکومەتی نوێ، لە مەیانەکانی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و ئێراق بەشداریان کرد، بەپێی داتاکانی ناوەندی ئاماری ئێران ٢٠٪ی کۆرژان و بریندارانی بەرەکانی شەڕ، پێکهاتبوون لە نوێژی ڕووناکبیر و خاوەن بڕوانامە، کە دەیانتوانی لە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی پێشکەتوو بەشدار بن، کاتێک ئاشتنی بەرفرا بوو، دیلکەتی شەڕ گەڕانەوە بۆ وڵاتی ئێران، لە سەرداوای مەجلیسی شورای ئیسلامی و هەر یەک لە وەزارەتی بەروودە و فێرکردن و وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕاسپێردران بۆ بارمەتی و هاوکاری زانستی و پێگەیاندنی گەنجان و پتەوکردنی بواری تەکنیکی و پێتخشتنی وڵات، پاش ئەوەی گەنجێکی زۆر ڕوویکردە خوێندن و بوونە خاوەنی بڕوانامە، هیچ دامەزراوەیەکی حکومی ناتوانی پاڵێنێکی بۆ دامەزراندنیان هەبێت، بۆیە قەیرانی سەرلێشتواوی گەنجان ئەوابێ ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە تایبەت گرتووە و بە دەیان کێشەی جیاواز بۆ ئەم چینە لە کۆمەڵگە دروستبووە .

دکتۆر جەعفەر ئیسماعیل سورخی کە ماوەی ٢٠ ساڵە ماموستای زانکۆیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شارەزایەکی باشی هەیە لەبواری پەروەردەوە، دەڵێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کێشەی گەنجان گیرۆگرفێتکی ئەساسییە، کاتێک گەنج لە یەک دونیا ئاوات و ئارەزووەوە، هەست دەکات هەموو خوێندنەکی گەیشتوە تە بەست، قەیرانی بێ هۆیەتی و سەرلێشتواوی دەیانگرێتەوە، هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی گەنج هیوا و ئومێدی لە دەست بدات و کۆمەڵێک شتی ڕێگر بەرچینگی خواستەکانی دەگرێت . لە ناو گەنجان بەگشتی ئەم سێ ئەسلە ئەساسییە وەک بناغەی گیرۆفرەتکان باسی لێدەکرێت و خوێندنەوەیەکیان بۆی نییە .

یەکەم: مسن کێم و چ دەربڕاری خۆم دەزانم؟ دووەم: گەنجانی کورد ڕۆ چێگە و پێگەیەکیان هەیە لە کۆمەڵگەدا؟ سێیەم: جێگەی لاوان لە دەروونی لە لایەن لاوانەوە".

سەبارەت بە ڕۆڵی حکومەت و کاریەدەستانی وڵات سورخی ڕایوایە "ئەگەر کاریەدەستانی وڵات و بەرپرسان هێز و وزەی ئەم گەنجانە بەکار نەهێنن و حەز و ئاواتەکانیان لە چارچێوەی پێلان و بەرنامەی تایبەتدا دەخیل نەکەن؛ ئەوا ئەزمەی بێ ئاسانەیی گەنج لە بواری شەخسییەت و توانا فکرییەکان کۆمەڵگە بە گشتی تووشی قەیرانێکی دەکات کە هەموان لێی زەرەرمەند دەبێن".

لە کوتایی قسەکانیدا بە پێنی هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە لە ماوەی خزمەتیدا لە داهاتووی دەسەڵات و بەڕێوەبردندا لە چ ئاستێکدا دەبێت؟".

د. سورخی گۆتیشی "کاتێک گەنج لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکەوێتە قەیرانی سەر لێشتواوی بە سەدان جۆر لەسایی وڵاتانی پێشکەوتوو دەکاتەوە ئەو کەسایەتییە کە بە بێگانەوە گرێ دەدات . ئەو کەسایەتییە کەئەمەیە گرنگترین ئاست لە سەر لێشنواوی گەنجان و مەترسیدارترین هاتنیان بۆ لە دەستدانی کەسایەتی و پەنابردن بۆ ئارامکەرەوەکان" دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت "کەلک وەرگرتن لە ماددە هۆشبەرەکان و شتی نایاسایی و ناپەسند وەک دەرمانی کاتی بە کاردەهێنرێت؛ بۆ ئاسایی بوونەوەی حاڵاتی ژانکۆکاندا و شارەزایی لە بواری کێشەکانی گەنجاندا هەیەتی ئەم مامۆستایەی زانکۆ ڕایگەیاند: "دوژمن لە جۆری خواردن و جەستەی ئێمە نارتسێت، بەڵکو لە ڕادەی زانست و توانایەکانی ئێمە لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا و بیر و باوەڕمان ترسی هەیە، بۆیە دەڵێم ئەگەر بەماوەنێت تووشی هیچ دیکتاتۆرێک نەبین، دەبێت بخوێنین و بخوێنین و بخوێنین" .

حوسێن ڕەزایی خوێندەڤانی ماستەر لە بەشی کۆمەڵناسی، بواری ئابوورییە دەڵێت بە باس و ڕایدەگەیێنێت، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی هەموو داهاتووی تونژی گەنجان پەیوەندی بە داهـات و بارودۆخی دارایی بەمەڵکانیان هەیە زانکۆکاندا و شارەزایی لە بواری کێشەکانی گەنجاندا هەیەتی ئەم مامۆستایەی زانکۆ ڕایگەیاند: "دوژمن لە جۆری خواردن و جەستەی ئێمە نارتسێت، بەڵکو لە ڕادەی زانست و توانایەکانی ئێمە لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا و بیر و باوەڕمان ترسی هەیە، بۆیە دەڵێم ئەگەر بەماوەنێت تووشی هیچ دیکتاتۆرێک نەبین، دەبێت بخوێنین و بخوێنین و بخوێنین" .

حوسێن ڕەزایی خوێندەڤانی ماستەر لە بەشی کۆمەڵناسی، بواری ئابوورییە دەڵێت بە باس و ڕایدەگەیێنێت، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی هەموو داهاتووی تونژی گەنجان پەیوەندی بە داهـات و بارودۆخی دارایی بەمەڵکانیان هەیە

د.جەعفەر ئیسماعیل سورخی:

ئەگەر بمانەوێت تووشی هیچ دیکتاتۆرێک نەبین دەبێت لە خوێندن بەردەوام بین

حوسێن ڕەزایی:

دەرس خوێندن و درێژەدان بە خوێندنمان کردۆتە قەڵخانی بەرگری لە کەسایەتی و دواڕۆژی ژیانمان

هەگەر بیم بە شاعیر، یان گۆرانی بڵێم، ئەوەش لە ئێران ناکرێت و خێزیکی تێدا نییە"

شوکری لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت "ئەگەر چی حکومەتی ئێران بە سیاست و بە دەستپێنەقەست هیچ بەرنامەیەکی تۆکەمی بۆ داهاتووی گەنجانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبێ، بەڵام سەرمایەداران و ئەوانەی دەتوانن لە بەرهەمهێنان و پەڕۆژە گەورەکاندا کاریکەن، ڕۆژ جێگەی گەیین؛ چونکە ڕۆژ کەسی دەوڵەمەند دەناسم لە دویەی خەریکی دانانی کۆمپانیاوە، کەچی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ هیچ پرۆژەیەکی نییە .

هێمن شوکری لە دوایەش قسەکانیدا گوتی "ئاچارم درێژە بە خوێندن بدەم، چونکە خۆزان دەزانن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماڵ بەشی ئەدەبیات لە زانکۆی سەقز دوور بکەوەوە و لێرە دەخوێنم، دەرچەوشم لە تاقیکردنەوەی گشتی ئێران (کۆنکوور) زۆر باش بوو، بەڵام بەڕاستی کاتێک دەبینم ئەوانەی کە لە بەشەکانی تەکنیکی و ئەندازیاریدا خوێندنیان تەواو کردووە، بێکاران و هیچ داهاتوویەکیان نییە، بێ هیوا دەبم و ڕۆز جاران لە خۆم دەپرسم کە من ئەدەبیات دەخوێنم چی بکەم؟،

هێمن شوکری:

"ئاچارم درێژە بە خوێندن بدەم لەبەر ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماڵ نییە دووکەسی خاوەن بڕوانامەی ئەدەبیات

عارف شێخ ئەحمەدی
Arefshexahmadi@hotmail.com

لە سوریا گەنجێکی کورد دەکوژرێت

میدیا –ڕۆژئاوای کوردستان

بنەماڵەیەکی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان کە لەبەر هەژاری و دەستکوتری ڕوویان کردبووە ناحیەی (ڕنکوس)ی سەر بە دیمەشقی پایتەختی سوریا، لە ڕۆژی یەکەمی جەژنا لەلایەن بنەماڵەیەکی عەرەبەوە دەکەونە بەر هێرشی چەکداری و لە تاکەماڵ فواز حاجی ڕمۆ کە باوکی سێ منداڵە بە گوللە کوژرا و پێنج لە ئەندامانی ئەم بنەماڵەیەش بە توندی بریندار کران.

لە لایەکی دیکەوە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لە ڕۆژئاوای کوردستان بە میدیای ڕاگەیاند "مستەفا سەعید کە ڕۆمانووسێکی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە و چەند ساڵێک لە وڵاتی سعودیا ژیاوە، لە کاتێکی گەڕانەوەی بۆ وڵاتەکەی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان لە لایەن هەژاری و دەستکوتری ڕوویان کردبووە ناحیەی (ڕنکوس)ی سەر بە دیمەشقی پایتەختی سوریا، لە ڕۆژی یەکەمی جەژنا لەلایەن بنەماڵەیەکی عەرەبەوە دەکەونە بەر هێرشی چەکداری و لە تاکەماڵ فواز حاجی ڕمۆ کە باوکی سێ منداڵە بە گوللە کوژرا و پێنج لە ئەندامانی ئەم بنەماڵەیەش بە توندی بریندار کران.

لە لایەکی دیکەوە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لە ڕۆژئاوای کوردستان بە میدیای ڕاگەیاند "مستەفا سەعید کە ڕۆمانووسێکی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە و چەند ساڵێک لە وڵاتی سعودیا ژیاوە، لە کاتێکی گەڕانەوەی بۆ وڵاتەکەی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان لە لایەن ئیستخباراتی سوریاوە دەستبەسەر دەکرێت و تا ئێستا چارەنووسی نادیارە".

جێگەی دەبیرهێنانەوەیە ناوبراو خاوەنی چەند ڕۆمانی تایبەتە و لە ڕۆژئاوای کوردستان کەسایەتییەکی ناسراوە .

لە لایەکی دیکەوە ئاژانسەکان باسی بارودۆخی خراپی ئافرەتانی کوردی ژینداانی لە گرتووخانەی ناوەندی عەزرا لە شاری دیمەشق دەکەن و ئامازە بەوە دەکرێ کە ڕێگە بە چاپێنکەوتنی ژنانی زینداانی کورد لە گەڵ بنەماڵەکانیان نادرێ.

جێگەی ئامازە پێکردنە، لە پاش سەفەری سەرۆک وەزیرانی تورکیا بۆ سوریا و چاوپێکەوتنی لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئەم وڵاتە، ژیانی کوردستانیان خراپتر بووە .

لە بۆتان خۆپیشاندانی ژنان ساز دەکرێت

میدیا–باکووری کوردستان

لە سەر داوای تەفگەری ژنان لە باکووری کوردستان لە هەرێمەکانی بۆتان و شەرناخ و سلێویی و زۆر ناوچەی دیکەی باکووری کوردستان خۆپیشاندان سازدەکرێت و لە ئاکامدا حکومەتی تورک ٤ کەس دەستگیر دەکات.

بە پێی ڕاپۆرتی ئاژانسەکان، ژنان لە باکووری کوردستان بە دروشمی "ژن شەڕی ئاوێت" هاتنە سەر شەقامەکان و لە ناوچەی جەزیرەی خۆپیشاندانەکە لە سەر گۆڕی مەم و زین کۆتایی پێهات.

هەروەها بارەیەوە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لە باکووری کوردستان لە لێدوانێکیدا بۆ میدیا هەواڵەکەی پشتڕاستکردەوە و گوتی "بە بیانووی ئەوەی کە ئەم ژنانە خۆیان ساز کردووە لە جەژنەکانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا چاڵاکی بکەن و بە تۆمەتی ئاژاوە نانەوە، پۆلیسی تورک بە لێدان و هێرشکردنە سەر بەشداربووان، خۆپیشاندانەکەیان بڵاوە پێکرد و ٤ کەسیشیان دەستگیر کرد".

گرتنی خوێندەڤانانی کورد پەرەدەسێنێ

میدیا– ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ماوەیەکە گرتن و دادگایکردنی خوێندەڤانانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پەرەی ستاندووە، حکومەتی ئێران بەدوایێ پێش لە هاتنی ڕۆژی خوێندکار لە ١٦ سەرماوەزی ئەمساڵدا، لە بەشداربوونی خوێندەڤانانی کورد لە ئامەنگی ساڵوەگەری ڕۆژی خوێندکار لە زانکۆکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێگری بکات.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە کە ناوی پارێزراوە، لە لێدوانێکیدا تایبەتدا بۆ میدیا گوتی "بنەکەی پاراستنی خوێندکاران لە زانکۆکان هەر چەشنە جموجۆڵێک بە توندی کۆنترۆڵ دەکات و ماوەیەکە لە زانکۆی ورمێ کە خێنێکی ئەمنی تایبەت هاتووەتە کایەوە" سەرچاوەکە ئەوەشی ڕاگەیاند "سیامەک ئەمین کە خوێندکارێکی زانکۆی ورمێ، کە کۆمیتەی لێپێچینەوە لە هەمان زانکۆی ناوبراو، بە تۆمەتی ئینتەرنێتییەکانەوە، بانگهێشتی لێکۆڵینەوەی کردووە".

لە لایەکی دیکەشەوە، ماوەیەکە ڕووەکانی کۆمیتەوە زانکۆکان بە کە بۆ خوێندەڤانان تەرخانکراوە، بە توندی کۆنترۆڵ دەکرێت و لە زانکۆی زەنجان ڕێگە بە خوێندەڤانان نادرێت کە زیارەت لە یەک کاتژمێر کەلک لە تۆری ئینتەرنێت وەرگرن و ئەو سایتانەشی کە پێویستە بۆ خوێندەڤانان نارکێتەوە .

هەڵوێستی داگیرکەرانی کوردستان لە بەرامبەر مافەکانی گەلی کورد



د. جەواد مەلا*–لەئەندن

بەشی دووەم و کۆتایی

باشووری کوردستان دیکتاتوریەتـی ئێراقی لـە ئەنفالەکاندا نیـو ملیۆن مرۆڤی کـوردی لەناو برد، پێنج هەزار کەسـی هەڵەبجەی بە کیمیا خنکاند، هەشـت هەزار بارزانی و پێنج هـەزار فەیلی بێسەروشـوێن کرد، یەک ملیۆن کوردی ئاوارەی بیابانەکانی ئێراق و دەرەوە کرد، ئەم رەفتار و کردەوانەش بە هەمـان شـێوە گوزارشـت بوو لە گوتەکـەی ئینۆنـۆ، دوای ئازادکردنی ئێراق پێویست بوو حکومەتی ئێراقی لە بەیاننامەیەکی رەسـمیدا داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات، بەڵام تا ئێستا هیچ لێدوانێکی فەرمی لە لایەن دەسـەڵاتدارانی ئێراقی دەرنەچووە کە ئەو سـەرکوت و کوشـتارە نەژادیەرسـتیانەی رژێمی بەعس دژ بە کورد ئیدانە بکات و داوای لێبوردن لە گەلی کـورد بکات، هەوڵی ئەوەشـیان نەداوە کە ئەو بریارانەی لە دەورانـی بەعس دەچوون، وەک ناوچە دابڕاوەکانی باشووری کوردستان ئیلغای بکەنـەوە، رژێمی بەعـس کەرکوکی لە کوردسـتانیبوونی بێبەری کرد، قەزای قەزانیـاڵەش کە لە کەرکوکـی دابڕاند، تەعریبیان کرد و بەشاڵاو عەرەبیان تێدا نیشتەجێ کرد، ڕێک ئەو سیاسەتەش لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا ڕووی دا، ئەو پشـتێنە عەرەبییەی کە حکومەتی سوریا دایمەزراند لە ڕۆژئاوای کوردستان و تێکدانی ٤٠٠٠ گوندی کوردنشـین لە باکووری کوردسـتان لەسـەر دەستی تورکیا و بە شـێوەی دیکە هەمان شت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر دەستی ڕژێمـی ئێرانـی دووبارە بۆتـەوە، تا ئێسـتاش هێزش و بۆردمانی هێزەکانی تورکیـا و ئێران بـۆ گوندەکانی بناری قەندیل و بەزاندنی سنوورەکانی باشووری کوردستان بەردەوامە.

کاتێ ئۆسـامە نوجێفی لە ٢٠١٠/١١/١١ وەک سـەرۆکی پەرلەمانـی ئێراقـی هەڵبژێردرا، لە وتەبەکەیدا بە بەردەم سەرکردەکانی کورد بە تاشکرا ڕەخنەی گرت و گوتی "سـەرکردە سیاسییەکانی ئێـراق مومارەسـەی تونددتێـژی و گەندەڵییـان کـردووە و ڕەخنەیان لە دەسـتوور گرتووە، گوتیشی "دەستوور بە پەلە لەسـەر دەسـتی کەمینەیەکی ئێراقییەکان نووسراوە"، جەختی لەوەش کردەوە کـە دەبێ چاو بـە پەیوەندی نێـوان ناوەند و هەرێـم و پارێزگاکاندا بخشێنرێتەوە.

نوجێفـی ناوی سـەرکردەکانی نەهێنا، بەڵام مەبەسـتی سـەرکردەکانی کورد بـوو، ئەو بیزاری خۆی لە دەسـتووری ئێسـتای ئێراق ئاشـکارێتەوە، تەنیا هۆی ئەو بێزکردنەوەشـی لە دەسـتوور، بە هـۆی ئەوەیە کـە فیدراڵیەتی بۆ کورد تیدا هاتووە، ئەوەش شـتێکە لە لایەن شـۆڤینیەتی عەرەبی کۆن و ئێسـتا و داهاتوو ڕەت دەکرێتەوە. هەرکەسێکیش کاتـێ وشـەیەکی ئەرێنی لـە پێناوی مافەکانـی کورد و لە بەرژەوەندی کورد بڵێت، قیامەت هەڵدەسـتێن.

نەیاران کورد بە ژنکوژ پێناسە دەکەن

کەژوان حیسامی

دوو ڕۆژنامـەی (نیۆیـۆرک تایمـز) و (شـرق الاوسـط)، لە بەرواڵەتدا ڕەخنەگرن لاوازن و بێ داتـادا هەوڵی ئەوەیان داوە، باشووری کوردستان وەک کۆمەڵگەیەکی ژنکوژ پێناسە بکەن، گەرچی نکۆڵی لەوە ناکرێ کـە ئەندەتێژییەکانی بەرامبەر بە ئافرەتی کورد لـەم کەرتە ڕزگارکراوەی وڵاتـدا بنبـڕ نەکـراوە، زۆر جاریـش ئافرەتی کورد بەناوی خۆسـووتاندنەوە، سووتێنراوە، بەڵام ئەو کردەوە قێزەونانە لە چەند سـاڵی ڕابـردوودا بـەردەوام ڕووی لە کەمبـوون کردووە، جیا لەوەی سەرۆکی حکومەت لە کابینەی پێنجەم بە پلانێکی تۆکمە ڕووبەڕووی ئەو دیاردەیە بوویـەوە و چەندین ئاوەنـدی تایبەتی بۆ دامەزراند، لە کابینەی شەشـەمی حکومەتی کوردسـتانیش لە تەکمیلەی ئەو پرۆژانەیەدا، کەمتەرخەمی نەکراوە، لە لایەکی دیکەوە ئاسـتی وشیاری ژنی کورد بەرەو لوتکە هەڵکشـاوە و چیدی چەپۆکخۆری قبووڵ ناکات، بۆیە چەندە ڕێـزی تەندوتیـژی کـەم بووبێتەوە، بەهێندەش سـکاڵا بۆ بردنی ئافرەتان بۆ ناوەندەکانی یاسـایی و بۆیەرواداچوونی گرفتەکانیان زیادی کردووە.

ئەو چەواشەکارییانەی لە ڕەوشی ئازادی ڕۆژنامەگـەری و دۆخـی ئافرەتی کورد لە باشووری کوردسـتان دەکێتە، تەنیا ڕۆژنامـەی (نیۆیۆرک تایمز) و (شـرق الاوسـط) پێـی هەڵنناسـتن، بەڵکـو بەردەوام ڕاگەیاندنەکانیـی داگیرکەرانی کوردسـتان و نەیارانـی کوردیـش دێوەزمەیەکیان لە دەسەڵاتی کوردی وێنا کردووە، لە ناوخۆی کوردسـتانیش کەم نین ئەو ڕاگەیاندنانەی کە لەسەر دەستی دەرەکـی خۆیان بە بێلایەن دەناسـێنن و هەمـوو کار و پراکتیکێکیـی ئەرێنیش زەریبی سفر دەکەن و ماست و ئۆشاوەکە تێکـەڵ دەکەن و دواتریش وەک منداڵان لە گریان و پاڕانەوە داوای چیاکردنەوەی ئەوە تێکەڵەیە دەکەن!!!

کەموکـوڕی ڕۆژە، لە بەرێوەبردنـی ئیدارە کوردی و تاسـەوارەکانی شەڕی ناوخـۆوە بیگرە، تا دەگاتـە دیاردەی کوشـتن و توندوتیـژی بەرامبـەر بـە ئافـرەت لـە باشـووری کوردسـتان، هـەر هەمووییان کێشـەن و بوونیان هەیە و نـەک تەنیا جێگـەی نیگەرانی تاکـە دڵسـۆزەکانی کۆمەڵگەن، بەڵکو دەسـەڵاتیش بە دەست ئەو ئاریشانەوە دەناڵێنێـت، ئەوەتا د. بەرهەم سـاڵح سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیژی دژ بـە مێینـە، نیگەرانـی خـۆی لە بەرامبەر تەنانـەت خەتەنەکردنی مێینە لـە کوردسـتانە دەبڕی و بـە مایەی "شـەرمەزاری دەزانێت"، لە کاتێکدا ئەو دیاردەیـە لە پارێزگای دهۆک بە تەواوی بنبـڕ بووە و لـە پارێزگاکانـی دیکەی باشووری کوردستانیش تا ئاستێکی زۆر ڕووی لە کەمبـوون کردووە و و بۆ بنبڕ کردنیشی کاری هەمە لایەنەی پێویستە. کورد لە سـەرهەڵدانیەوە ڕێزی مێینەی گرتـووە، ئەگـەر سـەیری کەلتوور و ئەدەبیات و فۆتۆتیکـی کوردی بکەین؛ دەبینیـن هەمـوو کاتێـک مێینە پێش خـراوە، (دایک و باوک... خوشـک و بـرا.. ژن و پیاو...) ئەم دەسـتەواژانە لـە خۆڕا و ناگەتـراوە و وا نەهاتووە، (شاوشـکا) و (نینا)ی کورد، هەزاران پیاوی گەردەن ئەسـتووری کوردیان لە ژێر فەرماندا بووە، بەداخێکی گرانەوە لە باشووری کوردستان ئەگەر ئەمڕۆ دەستی پیاوێکـی جاهیلی کوردی بـە خوێنی ئافرەتێک سوور دەبێت؛ ئەوە کەلتووری قێزەونـی جەهالەتی عەرەبییە کەپێش هاتنی ئیسلام کچ و ژنی خۆیان تەنانەت زیندەبەچـاڵ دەکرد، ئـەو توندوتیژی کەلتـووره بیابانیـیە بـە زۆرەملێ بە باڵێدا بڕاوە، دەنا ئەوەتا چەند ساڵێکە بـۆ ڕەسـنەیەتی خـۆی دەگەڕێتەوە و ڕێزگرتن لـە ئافرەتان خەریکە دەبێتەوە بە سەرباسی باسان و هەوڵدەدرێ کەند و کۆسـپی بەردەمیان بۆ هەموار بکرێ، ئافرەتانیـش خۆیـان هاتوونەتـە نێو گۆڕەپانەکـە و قەڵە مـی بوێر و هزری کراوەشـیان زۆرە، فشارەکانیشـیان لە سەر پەرلەمانی کوردستان دەبێت چەند قات بکـەن بۆ ئەوەی بـە هەموو مافە زەوتکراوەکانیان شاد بنەوە. ئەگەر هەر سـەر پێشی لەو ئامارە متمانەپێکراوە بڕوانین کە (کوردە عومەر) بەرێوەبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژبە ژنان لە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژبە مێینە، درکاندی؛ دەبینین ڕێـژەی توندوتیژی نەک هەڵنەکشـاوە، لانیکەم لە سێ ساڵی ڕابردوودا بەاریزنی بە خۆیەوە بینیوە، بەپێی ئەو ئامارانە، سـاڵی ٢٠١٠ بەداخـەوە ٥٩ ئافـرەت کوژراون، بەوانەشەوە کە خۆیان خۆیان سـووتاندووە، سـاڵی ٢٠٠٩ ئەو ڕێژەیە ٨٥ ژن بووە و سـاڵی ٢٠٠٨یش ١٠٤ ژن کوژراون. گەرچی کوشتنی یەک کەسیش تاوانە و ئاماژەخوازم لە ریشەوە توندوتیژی بەرامبـەر بە ژنـی کورد بنبـڕ بکرێ؛ بەڵام ئەوەشـمان لە یـاد نەچێت کە لە وڵاتانی دراوسی؛ دەسەڵاتە سیاسییەکان تەنانەت پۆشـینی جلوبەرگی ئافرەتیش کۆنترۆڵ دەکەن، ئامارەکانی توندوتیژی زۆر زیاترن، فەساد و لەشفرۆشی تەنگی پێهەڵچنیون، بەڵام لە کوردستان ئافرەتی کـورد ڕۆژانە زیاتر بە مافەکانی ئاشـنا دەبێت و بازنەی داواکانی بۆ گەیشتن بە مافەکانی بەرفراوانتر دەکات، بۆیە نابێت کەس یەکوێتە داوی ئەو ئەیارانەی، کورد لە ژنکوژ پێناسە دەکەن!!

ئەگەر ئەمڕۆ دەستی جاهیلیکی کورد بە خوێنی ئافرەتێک سوور دەبێت، ئەوە کەلتووری قێزەونی جەهالەتی عەرەبییە کەپێش هاتنی ئیسلام کچ و ژنی خۆیان زیندەبەچاڵ دەکرد



پرۆژەی مەڵوێستە سیاسییەکانی کورد بەرامبەر بە مرۆڤە گرەگەکان

مەڵوێستی زۆرەی سیاسییەکانی کورد ئەوەیە کە دەبێ کەلک لە دیمۆکراتیەتی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان وەر بگیرێ و هەنـدێ ماف لە نێو چوارچێوەی ئەو وڵاتانە و لەو ڕێگەیـەوە دابین بکرێت، ئەم مەڵوێسـتەیەش ڕێک کۆکە لە گەڵ خواستەکانی داگیرکەرانی کوردستان!! پاراستنی سنوورە دەستکردەکان لەسەر حسـابی ئازادی کورد و سـەربەخۆیی کوردسـتانە، هەروەهـا سـەرکردە سیاسـییە کوردییەکان جگە لە چەپکە دانـان لە سـەر گـۆری شـەهیدان و فاتیحە خوێندن و دەقەیەک وەسـتان، کاردانەوەیەکـی ئەوتۆیـان نەبووە دژ بەو هەموو ژینوسایدەی کە ڕووبەڕووی کورد هاتووە، هەتا ئەو دیکتاتۆرەی کە بە کاری ژینوسـاید هەڵسابوو، لەسەر کوشتنی ١٣٨ کەسی دوجیل لە سێدارە دران، بـێ ئەوەی ناوی ئـەو نێو ملیۆن کوردە بهێنن کە لەسـەر دەسـتی ئەو تانوبارە لەناو بران!

حزبە کوردییەکانی باشـوور تا ئێستا داوایان لـە حکومەتی ئێراقی نەکردووە کە بە فەرمـی دان بەو تاوانانەدا بنێ، و ئێران مافی پەکسـانی هەبێت لەگەڵ گەلانی ئەو وڵاتانـە و هەر دەبێ بەندە بێت! ئەمە هەڵوێسـتی ئەو گورگانەیە، تێمە کاتێ داخـوازی دەوڵەتی کوردی دەکەین، بۆ ئەوەیـە دەمانەوێ گەڵێک بین بە کەرامەت بژین و مافی ئینسـانی و دیموکراسـی و سیاسی و ئەتەوەیی و ئایینی خۆمانە کە بە بێ ڕۆڵم و زۆرداری لـە کیانێکـی خۆماڵیدا بژیـن. ئەگەر کوردان لە سـوێز و ئەوروژ بژیبان ڕەنگ بو داوای حوکمی ژاتیشـیان نەکردایە، لەبەر ئەوەی مـرۆڤ لەوێ بە کەرامەت دەژیت، ئەمـە وێنایەکی واقیعی کوردە لە سـایەی داگیر و دابەشکردندا هەموو لایەک ئەوە دەزانن مەحاڵە کورد بتوانێ لەگەڵ ئەو گورگانە لە سوریا و ئێراق و تورکیا و ئێران بژیت، هەر ئەوە ڕاسـتە کە شـاهی شـاهانی ئەفریقی سەرۆک قەزافـی لە پێش ٣٠ سـاڵ تا ئێسـتا ڕایگەیاندووە.

پرۆژەی مەڵوێستە سیاسییەکانی کورد بەرامبەر بە مرۆڤە گرەگەکان

مەڵوێستی زۆرەی سیاسییەکانی کورد ئەوەیە کە دەبێ کەلک لە دیموکراتیەتی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان وەر بگیرێ و هەنـدێ ماف لە نێو چوارچێوەی ئەو وڵاتانە و لەو ڕێگەیـەوە دابین بکرێت، ئەم مەڵوێسـتەیەش ڕێک کۆکە لە گەڵ خواستەکانی داگیرکەرانی کوردستان!! پاراستنی سنوورە دەستکردەکان لەسەر حسـابی ئازادی کورد و سـەربەخۆیی کوردسـتانە، هەروەهـا سـەرکردە سیاسـییە کوردییەکان جگە لە چەپکە دانـان لە سـەر گـۆری شـەهیدان و فاتیحە خوێندن و دەقەیەک وەسـتان، کاردانەوەیەکـی ئەوتۆیـان نەبووە دژ بەو هەموو ژینوسایدەی کە ڕووبەڕووی کورد هاتووە، هەتا ئەو دیکتاتۆرەی کە بە کاری ژینوسـاید هەڵسابوو، لەسەر کوشتنی ١٣٨ کەسی دوجیل لە سێدارە دران، بـێ ئەوەی ناوی ئـەو نێو ملیۆن کوردە بهێنن کە لەسـەر دەسـتی ئەو تانوبارە لەناو بران!

حزبە کوردییەکانی باشـوور تا ئێستا داوایان لـە حکومەتی ئێراقی نەکردووە کە بە فەرمـی دان بەو تاوانانەدا بنێ، بەڵکـو میراتیەڵگرانی ئەو تاوانبارە بۆ کوردستان داوات دەکەن و ڕێککەوتنیان لەگەڵ مۆر دەکەن، کە ئەوە مسـۆگەر خاڵی دۆزانیان دەبێت! پێویسـت بوو لـە بری ئەوە کۆنگرەیەکی نیشـتمانی کوردسـتانی بەڕێـوە بچوایـە بـۆ مسـۆگەرکردنی سـەرکەوتن. تەنانەت هەندێکیـان داوای ڕزگارکردنی جۆلان دەکەن، ئاڵای داگیرکەر بەرز دەکەنەوە، ڕاپەڕینی کوردان بە گێژەشێوێنی ناوزەد دەکەن، هەندێکیـش موزایدە ی زیاتر دەکەن کـە ئەی ڕەقیب بگۆڕن و تاڵی کوردسـتان گۆڕانکاری لەسـەر بکەن؛ بۆ ئەوەی پیلانـە زاڵەکەی داگیرکەران بە ئاسـانی تێپەڕێت! هەندێک قسـەی ئاهەق لەبەرامبەر بە کەسایەتی نیشتمانی کورد دەکەن، ڕاسـتە کـەس بێ هەڵە نییـە، بەڵام ڕەخنەش سـنووری خۆی هەیـە، بەتایبەتی کاتـێ پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەیی هەیە، گرنگ ئەوەیە ئـەوەی لە توانایاندا بووە لە پێناو کورد خسـتوویانەتە گەڕ، ئەوجا گرنگ نییە سـەرکەوتوو بن، یان شکسـتیان هێنابێ، پێویسـت ناکات خەتی ڕەش بەسـەر هەموو چاکی و خراپیدا بێنن. هەندێـک لـەو پەری خۆشـی و لەنێو وڵاتانی دیموکراسی دەژین، کەچی تانە و سووکایەتی بەوانە دەکەن کە تەواوی ژیانیان لـە پێناو سـەربەخۆیی کورد بردۆتە سەر، بۆیە پێویستە ڕوناکبیری کوردسـتانی بە وێژدانەوە حوکم بدەن؛ بە تایبەتـی کاتێ ژەنـڕاڵ بارزانی بە سیخوری بەریتانیا و ئیسرائیل ناو زەد دەکـەن، ئەمانە، یـان خۆیان نۆکەری داگیرکەرانی کوردستان، یان دەیانەوێ بەو ڕێگەیەوە خزمەتی ئاغاکانیان بکەن. بە مێکێم لەوانەی بەردەوام سەردانی ئەرشـیفخانەی بەریتانیـام کردووە بۆ نووسـینەکانم لەوێـدا دیکۆمێنتێکـم دۆزیەیەوە کە یادداشـت و ئافەرین دراوە بۆ ئەفسەرە ئینگلیزییانەی کە بەشداری شـەڕی دژی بارزانییان کـردووە، ئەم دیکۆمێنتـە باشـترین بەڵگەیـە کـە شۆڕشی بارزان دژ بە ئینگلیز بووە، نەک پێچەوانکـەی وەک هەندێـک خوازیارن وای لە قەڵەم بدەن.

• سەرۆکی KNC